پیرەمێرد

و

پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

پیرەمێرد
و
پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی

کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی

ئومێد ئاشنا

بەرگی دووەم

ناوی کتێب: پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی
کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: ئومێد ئاشنا
بەرگی: دووەم
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٨٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
وێنەی بەرگ: هێلکاریی یووسف عەبدولقادر
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: ئەمیر داود - ئاراس ئەکرەم - رەهێڵ رەشید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل- ئەمیر داود - رەهێڵ رەشید
سەرپەشتی: دلاوەر صادق ئەمین
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاورەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٤)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

حاجی تۆفیقی پیرەمێرد

هێلکاری: یووسف عەبدولقادر

گیپە

مامۆستا محەممەد ڕەسول هاوار دەربارەی ئەم شیعرە نووسیویە: جارێکیان ئەحمەدی عەزیز ئاغا گیپەیان ئەبێت، چەند هاوڕێیەکی خۆی بانگ ئەکا بۆ گیپە خواردن. پیرەمێرد لە بانگ کراوەکان نابێت، لە پاش چەند ڕۆژێک پیرەمێرد بەو گیپەیەی ئەحمەدی عەزیز ئاغا ئەزانێت، وەکو وتمان پیرەمێرد زۆر نەوسن بووە، بۆ هیچ شتێک گلەیی نەکردایە لەسەر خواردن گلەیی ئەکرد. لەبەر ئەوە بەم چەند دێڕەی خوارەوە گلەیی خۆی بۆ ئەحمەدی عەزیز ئاغا ناردووە:

ئەحمەد با گیپەت بۆ ئەو تیپە بێ
گیپەت خوارد بێ من، گووپت گیپەبێ
خۆ من ئەو ساتە، هاتبوومە لات
تەفرە بۆ من بوو، شفرە بۆ جامات
وتیان کەللەکەت هێشتا دەیباڕان
ورگتان برنجی، کاڵی ئەخووسان
ئەگەر وەک کەللە مێشکت داتەکێ
ئەبی بەوەزیر، فریشکت ئەتەکێ
وەک (کلاو قازی) بێ دروومانی
ئاگری بن دیزەی، زۆر بێ ئامانی
ڕیخۆڵە چەورەی، لە خۆت ئالاّوی
پێچکەی خۆت بەستووە، لە جێدا ماوی
هەر وەک شیلاوگ، هەوێنی شیری
لە نوکتەی وردا، پەیکانی تیری
دەستی (عزەت)ت دائم لەسەر بێ
هەرمێی بەهەشتت[1] ئاودار و تەڕبێ
کردەی تۆ و بردەی (نادی مەزڵووم) بێ[2]
خراپەت دیار بێ، چاکەت بن گۆم بێ
منیش کەشکەکەم ئەمڕۆ خوارد بێ تۆ
بەرد هاویشتنە، پاداشی کلّۆ

---

(١) هەرمێی بەهەشت: واتە شەقی بەهەشت، چونکە زۆر جار ئەڵێن هەرمێیەکی تێ هەڵدا.
(٢) نادی مەزڵووم: نیازی لە ماڵی حوسێن مەزڵوومە کە کابرایەکی زۆر ساویلکە و خۆشبوو، زۆر کەس وەکو نادی بۆ ڕابواردن ئەچوونە ئەوێ.

ئەحمەدی عەزیز ئاغاش کە بەنوکتەبێژ و قسەخۆش و بەنەستەق بەناوبانگە، بەم سێ دێڕەی خوارەوە وەرامی پیرەمێردی داوەتەوە، وەرامەکەی لەسەر نامەکەی پیرەمێرد نووسیوە:

خاڵە گیان یا خوا ڕووی بزن[1] ڕەش بێ
منی ڕووڕەش کرد، هەر ئەوەی بەش بێ
بەخوا ئەو ساتەی تۆ تەشریفت هات
من زۆر مەشغوڵ بووم، بەبیرما نەهات
لە جیاتی گیپەی ئاوساوی نەکوڵاو
پێشکەشت ئەکەم، دوو پەردە پلاّو

---

(١) بزن: ئەحمەدی عەزیز ئاغا نیازی لە بزن پووری بووە، کە ناوی پوورە بەهێ بووە، وەهەم خەسووی ئەحمەدی عەزیز ئاغاش بووە کە ئەو گیپەکەی لێ ناوە.

***

شەڕی خەراجیان[1]

«ساڵی ١٩٢٤ کە شێخ مەحموودی نەمر لەشکری دوژمنی لە شارەزوور شکاند، پیرەمێرد ساڵی ١٩٢٦ بۆ یادی ئەو نەبەردە ئەم شیعرەی نووسیوە». هەروەها وەڵامی ڕۆژنامەی (العراق)ی ئەو کاتەی داوەتەوە .

العراق[2]ئەڵێ، ئێوە ئەرمەنین
دەعواتان شوومە، بۆ هیچ لایق نین
خۆیان ناناسن، بەتورک نابن
خوا نەیداونێ، وەک کورد، ئازابن
کورد ئەو کوردانەن کە بەغدایان گرت
(أبو جاسم)ەکان، کەوتنە جرت و فرت
دوو ساڵ لەمەوپێش، خۆیان و فەوجیان
لەسەر کانیەکەی، بەردی خەراجیان
بە کەش و فشی بۆ کۆزە ڕەقە
دوو سواری کوردیان لێ کەوتە تەقە
بە ئاخ (یا یومە) کەوتنە هاوار
بە پاڵەپەستۆ ڕایان کردە شار

ئەو ڕەمەزانەی لە دێی ڕەمەزان
بەجەژنیان زانی لە تەنوور خزان
نەبوایە بەهۆی بەریتانیاوە
ئەخنکان بەدەس کوللە و خورماوە
ساچی بکەم، نەبێ، وڕەی تەیارە
حیزی و ئازادی ئەوسا دیارە

....

(١) ئەم شیعرەمان لە لاپەڕە ٢١٩ی ئەو کەشکۆڵەوە وەرگرت کە نەجمەددین مەلا ساڵی ١٩٣٧ بۆ (محەممەد ئەمین حەمە صالح ئاغای قزلجی) نووسیوە. نەجمەددین مەلا لە سەرەتای شیعرەکەوە نووسیویە «لە ساڵانی ١٣٤٣ی هـ کە شێخ مەحموود جەیشی عەرەبی لە شارەزوور شکاند، حاجی تۆفیق بەگ ئەمەی فەرمووە» ئنجا بۆیە من نووسیومە کە پیرەمێرد بەیادی ئەو شەڕەوە شیعرەکەی نووسیوە چونکە ساڵی ١٩٢٢ یاخود ١٩٢٤ پیرەمێرد لە تورکیا بووە. وە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ دا گەڕاوەتەوە.

(٢) ڕۆژنامەی (العراق)ی: ئەو سەردەمە هێزی کۆنەپەرستی عەرەب و بەریتانیای داگیرکەر دەیبرد بەڕێوە نووسیبووی کە کورد ئەرمەنییە!!

***

دەنگی وەتەن[١]

١٩٢٤

لە ئەستەموڵەوە هەڵسام، لە خەودا بووم، هەتا ئێرە
لەسەیری (في المنام) دابووم، کە چاوم کردەوە لێرە
حەیاتێکی ترم دی، خزم و خوێشان دەورەیان دابووم
سەرلەنوێ هاتمەوە دنیا، بەڕۆح وەک تولفی[٢] ساوابووم
ئەمە دوو ڕۆژە جەژنی ڕۆحمە، دەنگی وەتەن دەبیەم
خودا دیداری ئێوەشم نسیب کا، زۆر ئەبینێ پێم
هەواڵی ئێوە چۆنە؟! بێمەوە؟ یا ئێوە دێنە لام
نسیب ئەیزانێ، چەند ڕۆژێکی تر، مەعلوم ئەبێ ئەنجام

....

(١) مامۆستا محەممەد ڕەسول هاوار: لە بارەی ئەم شیعرەوە لە لاپەڕە ١٧ی دیوانی پیرەمێرد نووسیویە:- «شێخ مەحموودی مەزن ئاڵای شۆڕشگێری و داواکردنی مافی گەلەکەی هەڵکردبوو، پیرەمێرد لە پرسینی حاڵ و ئەحواڵی ئەو سەردەمەی کوردستان ئەم چەند دێڕەی بۆ یەکێک لە خزمەکانی لە شاری سلێمانی کە «مستەفا سائیبی» خوشکەزای بووە ناردووە. ئەو هەڵبەستەم لە دەستخەتێکی خۆیەوە وەرگرتووە، لەژێریەوە نووسراوە «خاڵی باکماڵی بێ حاڵت» هەرچەندە مستەفا سائیب ئەڵێ ئەم هەڵبەستەی لە تورکیاوە ناردووە بەڵام من لێی

دوودڵم، چونکە لە مەعنای هەڵبەستەکەیەوە لەوە ئەچێت کە لە جێگەیەکی نزیک کوردستانەوە ناردبێتی و لای من وایە لە تورکیاوە گەڕاوەتەوە بەسەر شام و حەڵەبدا هاتبێتە بەغداد و چەند ڕۆژێک لە بەغدا ماوەتەوە و لەوێوە ئەو هەڵبەستەی ناردووە بۆ مستەفا سائیب».

(٢) لە کوردیدا باوە دەڵێن -تولف- واتە منداڵی ساوا کە لە ڕاستیدا لە -طفل-ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

«ڕۆحم فڕی، لەسەراوردی بەرزی نیشتمانەوە، بێدەنگ و سەنگ[١]
وام زانی کە ئەم کۆنە مەڵبەندە ئەکاتەوە بەشوێنی دەنگ
بووبوون بەیەک، لەش و ڕۆحم، بۆ دیدەنی دۆستایەتی کۆن
ناڵە و نەوای دڵم بوو، داخم، لانەی بەڕۆحەکە هێنایە تەنگ

١٣١٧ی ڕۆمی/١٩٠١ی زاینی

....

(١) ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٨ی دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بەتورکی بەخەتی پیرەمێرد لەژێر وێنەیەکی سەردەمی لاوێتی خۆیدا لە تورکیا نووسراوە. بەڵام ڕوون نییە کە ئایا پیرەمێرد خۆی کردوویە بەکوردی یاخود کەسێکی تر.

بەبۆنەی دەرچوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژەوە

ئۆخەی گەلاوێژ[١] وا دەرکەوتیەوە
وەک چرای بەختی، کورد سەرکەوتیەوە
یانەی سەرکەوتن[٢] بەتۆ ڕووناکە
کوردستان بەڕووی، تۆ فەرەحناکە
شەوقی دیدارت ڕووناکی چاوە
ئیتر تەوژمی گەرما نەماوە
گوزەرگات بورجی (دار السلام)ە[٣]
دیاری ژین بۆ تۆ، دوعا و سەلامە

....

(١) گۆڤاری گەلاوێژ تەمەنی دە ساڵ بوو ١٩٣٩-١٩٤٩ لەو ماوەیەدا گەلێ جار تووشی گیروگرفتی داخستن و بێ پارەیی بووە. ئەم شیعرەی پیرەمێرد بۆ دەرچوونەوەی سەر لەنوێی گۆڤارەکەیە دوای داخستنی. دیارە ئەمە لە ساڵانی پێش ١٩٤٩ دا بووە چونکە لەو ساڵەدا بۆ هێجگاری داخرا. هەروەها گەلاوێژ ئەستێرەیەکە دوای چلەی هاوین دەردەکەوێت.

(٢) یانەی سەرکەوتن: ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا پێکیان هێنا.

(٣) دار السلام: واتە شاری بەغداد.

***

بەستن

لە کۆمەڵی کۆنی دواکەوتووی کوردەواریدا پڕوپووچێک هەبوو، پێیان دەگوت (بەستن) واتە لە کاتی ژن هێناندا کە بووک و زاوا دەچوونە پەروەردە، کابرا نەدەبوو بە زاوا و کارەکە هەندێک دوا دەکەوت. هەندێ پیر و پیرێژن بەپارە گوایە ئەو گیروگرفتەیان چارەسەر دەکرد. بەڵام لە مێژە زانست هۆی ئەمەی دۆزیوەتەوە و شتەکە یا هۆی دەروونیە یاخود ناتەواوییەکی لەشە. وە موفتی پێنجوینی شاعیر لە یەکێ لە شیعرە کۆمەڵایەتیەکانیدا باسی ئەو دەردی دواکەوتنەی کردووە پیرەمێرد لە ڕۆژنامەکەیدا شیعرەکەی بۆ بڵاو کردۆتەوە و هەروا بۆ تام و قسەی خۆش چەند بەیتێکی خۆی وەک جۆرە وەڵامێک بۆ شیعرەکەی موفتی نووسیوە، وە باسی ئەو پیرەژنەی کردووە کە لە سلێمانی ئەو بەستنەی دەکردەوە و ناوی دادە عاسم بووە:

«تا دادە عاسم، لە دنیا مابێ
ڕووی قەدی سپی، خوای لێ ڕەزا بێ
سلێمانیشمان، لەگەڵ ئەترافی
عائدی ئەوە خۆی و ئینسافی
چۆنی ئەبەستێ، یا ئەیجەڕێنێ
هەر کار دروست بێ و زوو بیپەڕێنێ
خۆ ئەو شێخ نەبوو بەحوکمی دوعا
جن و دێوەکان موسەخخەر بکا
کەوابوو مەعلووم حیکمەتی تیایە
خۆت لادە ئیتر تۆ لەم بەڵایە!

***

دە، شت

دە، شتم هێند لاگرانە، ڕاستی پێی سەختم تەواو
ناری عاشق، نوێژی فاسق، کیبر و خۆ بادانی پیاو
دەردی بەرتیل، ڕووی بەخیل، گاڵتەی ڕەزیل، ئەرکی دەلیل
دەنگی ناسازی مۆئەزین، برسێتی و هەوراز، بەدیل
دەردی سەر ئەم نۆیە، دەردی سەریە بۆ ئەم عالەمە[1]
لێرە نازی[2] نازیکەر[3] پێیان بڵێی هیتلەر کەمە

(١) لە نوسخەی لای ئێمە دا ئەم بەیتە بەم جۆرەیە:

«نازونووزی تازە پیاکەوتوو لەگەڵ ئەم عالەمە
لێرە نازی نازییەکان پێیان بڵێی هیتلەر کەمە»

(٣،٢) نازی یەکەم واتا نازکردن. نازی کەر: ئەوانەی سەر بەنازییەکانن، کە خۆیان بەگەورە دەزانن و لە هیتلەر یان گەورەتر پێ بڵێی هێشتا بەلایانەوە کەمە.

***

چاو[1]

١٩٤٩

چەند تاکە بەیتێکی پیرەمێرد کە بەشێوەی وردەکاری سەبارەت بەچاو نووسیونی:

«قەدم کەوانە، دڵ بە(قەد)ی تۆیە چاوەڕوان[2]
میوانی (تیر)ی خۆشتر ئەوێ، خانەخۆی، کەوان»

«ئەگەر چاوم بەتۆزی ڕێت بڕێژم
بە فرمێسک، داری تووبای تیا ئەنێژم»

«لە دڵما، تا خەیاڵی چاوی کاڵە
هەموو عالەم لە پێش چاوم خەیاڵە»

«تەلی چرایەک لە چاوی تۆوە، بۆ کونجی دڵم ڕاکێشراوە
ئەو دەمەی تۆ ئەڕوانیتە من، تەلی کارەبای دڵم پچڕاوە»

«شیعری بڵند کە تەعلیقی ئیلهامی پێوەیە
ئیلهامی شیعری من، لە نیگای چاوی تۆوەیە»

«چاو کە دەردی دووری تێکەوت، ئارەزووی گریان ئەکا
نیوە موویەکیش کە کەوتە چاوەوە، هەر ژان ئەکا»

«تۆ لە پێش چاوم نەمای، گیانیش لە لەشما دەرچووە
هەروەکو ئاوێنە سوورەت لاچوو، عەکسیش لاچووە»

«بە چاوی مەستی هۆشی لێ فڕاندم، عەشرەت هاوارە
نەخۆش ساغ ڕووت ئەکا، بێ حاکمە شێواوە ئەم شارە»

«کاغەزێکی سپیە، ناردم، تێبگە مەعنای چییە
چاوی من بەدڕەنگە سپیە، چونکو چاوی لێت نییە»

«چاوت دووکەڵی لێ دێ، بڕۆ لە دوورەوە مەمێنە
چونکە ئەو دووکەڵە، قرچەی دڵمە، ئاگری لەشوێنە»

(١) ئەم شیعرانە لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٤٩دا بلاوکراوەتەوە کە پیرەمێرد خۆی ناردوێتی. وەکێشی هەر بەیتێک لەوی تر جیاوازە.

(٢) ئەم بەیتە لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

لای لایە بۆ منالّ

لە پێشەکی ئەم شیعری لای لایەی منالّەی پیرەمێرددا مامۆستا محەممەد ڕەسول هاوار نووسیویە:- «لای لایە بۆ منالّ شتێکی زۆر کۆنە هەموو گەلێک جۆرە لای لایەیەکی هەیە بۆ ئەوەی منالّەکانیان خەو لێ بخەن.

لە کوردستانی خۆشمانا، لای لایە زۆر کۆنە و لە دێرزەمانەوە کە منالّی کورد خراوەتە ناو جۆلانەوە، کە لە بەینی دوو لقی دارا بۆی هەڵخراوە یاخود نراوەتە ناو بێشکەوە و بەدەسرازەی بەنی ڕەنگاوڕەنگ پێچراوەتەوە هەندێک خرخاڵ و شتی سەوز و سووریان بەکەمەی بێشکەکەدا شۆڕ کردۆتەوە لەگەڵ هەندێک حەتحەتۆکە، کە هەریەکەیان شتێکی بۆنخۆشیان تێ کردووە بەتایبەتی سمڵ و مێخەک. منالّی ئەوسا وەکو ئێستە نەبووە، وەکو چۆن هێشتا لەناو زۆربەی دێهاتەکانی ناو خۆشمانا ماوە، کە منالّ نەخۆش کەوت دایک و باوکی بیباتە لای دکتۆر و دەرمانی بۆ بکرێت، بەڵکو دەرمان هەر دەرمانی پروپیرێژنان بوو. منالّی سک یەشاو گوڵە بەیبوونیان بۆ کولاندووە و داویانەتێ، منالّی سکچوو سملّیان کوتاوە و دەرخواردیان داوە. گوێ یەشاو دووکەڵیان کردووە بەگوێچکەدا یاخود ڕۆنیان داغ کردوە و کردوویانەتە گوێی بۆ ئەوەی ژانی بشکێ. منالّی لەرزوتا لێ هاتوویان بردۆتە سەر شەخس و تاوە بەنێکیان کردۆتە دەستی. شەوانی دوور و درێژی پایز و زستان، منالّی گرۆز و برسی، هەتاکو بەیانی گریاوە و کرووزاوەتەوە. دایکیش بەدەم وەنەوزی خەوەوە بەناچاری دەستی کردووە بەلای لایە بۆ ئەوەی

منالّەکەی خەو لێ بخات. بەتایبەتی کە تەمەنی ئەو منالّە ئەگەیشتە یەک ساڵی و لە هەندێ قسە ئەگەیشت، ئیتر دایکی هەڕەشە و ترسی تێکەڵ ئەکرد بەلای لایە بۆ ئەوەی منالّەکەی بترسێ و بێدەنگ بێت، بۆ ئەمە باسی گورگانە شەوێ و ئایشە گوێدرێژی بۆ ئەکرد. هەندێک لە شاعیرانی کورد بەدەم دایکانەوە لای لایەیان کردووە بەهەڵبەست وەکو قانع و بێکەس، پیرەمێردیش بەدەم یەکێک لەو دایکانەوە ئەم لای لایەی خوارەوەی کردووە:

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
بەرخە بچکۆلەکەم خەوی لێ بکەوێ
لوورەی تۆی ناوێ، لای لایەی ئەوێ
ئەڵێ لە ماڵی ئێمە دوور کەوێ
بچۆرە ماڵی (ئەبوو یابوو)
حوشترەکەی، بکە بەتێشوو
یابوەکەی بخەرە، ناو چاڵی گوو
خۆی لێرە دەرکە زوو بەزوو
پیاو خۆرە زلە، پیاو خۆرە زلە(١)
کۆرپەکەم لەگەڵ دایکیا دەست لەملە
مەڕەی تۆی ناوێ، هۆگری بولبولە
هیچت بەلوتەوە نابێ، لەم گەرد و خولە
دوورەوەکەوە، تا نەیان داویتە بەر گوللە
ڕووبکەرە ماڵی (ئەبو جاسم)ەکان
یەکێکیان بکە بەکوچکی گوێ ئاگردان
ئەوی تریان بخەرە شیوی کوڵان
بەڵکو دەست بەردەن لە یەخەمان
کەمتیاری سم پان، کەمتیاری سم پان
ڕۆڵە شیرینەکەم، نووستوە لە هەیوان
سپاردوومە بەپێغەمبەر و یەزدان
سپاردوومە بە ئایەتی قورئان
با حەچەی تۆ ببڕێت لە گوێمان
بچۆرە ماڵی کوللە خۆرەکان
زمانی بەدیان ببڕە بەددان
چاوی ژنەکەی کوێر کە بەبێڵەکان

بەشکو بەجارێ ببنەوە لەکۆڵمان
بۆ خۆمان بێ گیچەڵ بین لە وڵاتی خۆمان

(١) شیعرەکانی ئەم لای لایەیە لە بارەی کێشەوە وەک یەک نییە. تەنانەت لە زۆر جێگادا نیوە دێڕەکان لەگەڵ یەکتر کێشیان جیایە.

***

کەشتی، پاپۆڕ

لە دار و ئاسن و ئاگر، شتێکم دی لەناو ئاوا
سەرەوتی نابێ ڕۆژ و شەو، چە خۆر کەوتن، چە خۆر ئاوا
لەیەک بێن ڕادەکا بەو ئاوەدا، وەک ئەسپی پڕتاوە
لە ئاوایە و ئەمەندە تینووە، ناو جەرگی سووتاوە
لەسەر ئەو تینوەتیەشدا، ئاو گەیشتە قوڕگی خنکاوە
سەر و پێ و دەست و چاو گوێی نییە، بێ ڕۆحیشە و ئەڕوا
بە جارێ شارێ هەڵدەگرێ، کەچی هێشتاکو جێ ماوە
نەڕەی وەک شێرە، سەد شێر و نەهەنگی بەحر ئەترسێنێ
بە چالاکی وەکو بازە، کەچی بێ بازوو و هەنگاوە
بەسەر پشتا تەرات ئەکرێ، ئەمەندە سەختە نالەخشێ
لەپێشدا کاروانی بۆ دەهێنایین لەو پەڕی دنیاوە
لەژێر بەحرا، بەگوللە ئەیکوژن، ڕێی ڕاستی گیراوە

***

دنیا، دەستکەوتن

جارێک لەکوێستان لەدەم کەلی خان
سەرخەوم شکان هەندێک لەپاش نان
ژێر ڕاخەر نەبوو، بنووم لە سەری
یەک دوو کەلەرمم، لەبن دار بڕی
ڕام خست بەیادی لەش و لاری یار
وەک کلووی سپی نازک و نازدار
کە ئەبزووتمەوە، ئەو جیرەی ئەهات
بەو جیرە جیرە، کەوتمەوە ئاوات

خۆزگە لەشێکی ناسکی وام ئەدی
بەڵام خەوێک بوو بۆم نەهاتەدی
ئەمڕۆ یەکێکی لەش سپی و نازک
گۆمەتەی ئەدا وێنەی کار ئاسک
بە دەورما ئەهات، ها بگرە و بێنە
وەک چۆلەکەکەی شوان خەڵەتێنە
ئەچووم بەشوێنیا، ئەو قونەی ئەکرد
ها لێرە و لەوێ دەستم بۆ ئەبرد
جرتێکی کێشا و وتی من دنیام
کاتێکم زانی لە چۆڵ و تەنیام
دنیا دەستکەوتن خەیاڵی خامە
ژنێکە وەسڵی هەر ئیحتلامە!

***

چیرۆک بەشیعر

کیژۆڵەی خوێندەوار[١]

کچێک بوو، ناوی جەمیلە
جوان و ناسک و نەشمیلە
عومری یا نۆ، یا دە ساڵ بوو
زۆر زیرەک و بەکەماڵ بوو
لە کاری ناو ماڵ زانا بوو
هەتاکو بڵێی وریا بوو
ڕۆژێ لە ماڵ هاتە دەرێ
نەختێ بەتەنیا بگەڕێ
هەڵسا چووە دەرکی سەرا
نەرم و نیان و بەحەیا
سەیری ئەترافی نەئەکرد
نەخێرا ئەڕۆیشت و نەورد
لە ڕێ تووشی پۆلێ کچ بوو
هەر ڕۆژی تا لێیان نزیک بوو

گوێی گرت لەباس و قسەیان
هیچ تێنەئەگەیشت لێیان
یەکیان ئەیوت (ئیستیوا)
خەتێکە ئەرز دوو کەرت ئەکا
ئەوی تر ئەیوت خەتی تووڵ
سێ سەد و شەستە بەئوسوڵ
یەکێ ئەیوت عەسری ئەقتاع
پاپای ئەوروپا، بۆ تەماع
هەزار ئیشی گەندی ئەکرد
هیچ کەسێ مەنعی نەئەکرد
جەمیلە کە ئەمانەی بیست
عیلم و زانستی ئەویست
زۆر بەزەیی هات بەخۆیا
کە بێ بەش بوو لە خوێندنا
ئەویش گەر خوێندەوار بوایە
دەبوو گشتی بزانیایە
چووە ماڵێ بەغەمگینی
بە پەشێوی و بێ شیرینی
دایکی وتی نازەنینم
بۆ چ وا پەشێوت ئەبینم؟
چی قەوماوە، چی ڕوویداوە؟
دڵت لەسەر چی شکاوە؟
پێمان بڵێ لە چیت کەمە؟
چیت گەرەکە، بۆ چیت غەمە؟!
گوارە و کرمەک و لاگیرە
(صباح الخیر) و پێنج لیرە
گەردنلغ و بازن و گۆ
قاپ قورئانت[٢] هەیە تۆ
لە بەرگیشا خۆ تەواوی
ئیتر بۆچی پەشۆکاوی؟!

وتی: دایکی خۆشەویستم
لە هەموو شت کار دروستم
بەڵام هەر خوێندنم کەمە
کە زۆر ئیحتیاجم بەمە
عەیبە بۆ من کە جاهیل بم
لە ژیانا بێ حاسڵ بم
وتی: کچی نازپەروەرم
بەسەر ڕۆح و بەسەر سەرم
باوک بێتەوە ئێوارە
لەم ڕووەوە ئەیکەم چارە
بەڵکو بتنێرێتە مەکتەب
فێر بی عەقڵ و عیلم و ئەدەب
ئێوارە باوکی هاتەوە
دایکی زوو چوو بەلایەوە
قسەی جەمیلەی تێگەیان
وتی بەسەر ڕۆح و بەگیان
هەرچی جەمیلە ئەیەوێ
منیش ڕازیمە و ئەمەوێ
کچیان خستە مەکتەبەوە
بە دڵێکی فەرەحەوە
کچە ئەوەندە سەعی کرد
هەتا یێکەمینی وەرگرت
هەموو ساڵ بەسەعی و هونەر
بە یەکەمی ئەهاتە دەر
هەتا هەشت نۆ ساڵی پێچوو
کچ لە مەکتەب تەواو دەرچوو
کرا بەدختۆری ژنان
ناوی دەرچوو لە گشت جیهان
بە مەدحەوە باسیان ئەکرد
بە بڵندی ناویان ئەبرد

هەرچی لە مەکتەب تێکۆشی
بەرگی شەرەفی ئەپۆشی
هەرچی نەزان و تەمەڵە
خوار و بێ قەدر و دەفەڵە

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بلاونەکراوەتەوە.
(٢) قاپ قورئان: ملوانکەیەکە لە ئاڵتون. قوتوویەکی بچووکی پێوەیە کە قورئانی تیایە.

***

عیزرائیلی بەهەشتی(١)

عیزرائیلی بەهەشتی
کوڵی نایە سەر پشتی
پیاوێ بوو زۆر فەقیر بوو
سەرڕای فەقیری، پیر بوو
خاوەنی ماڵ و منداڵ
نەیبوو نانێ، لەناو ماڵ
بە ئارەقی ناوچەوان
بە قووەتی پاڵەوان
دەچوو چیلکەی ئەهانی
بۆ نانی، منداڵانی
هەموو ڕۆژێ بەیانیان
ئەچوو بۆ کێو و شاخان
ئەوەندەی خۆی ئەیتوانی
داری ئەنا لە شانی
داری ئەدا بەپارە
ئەیدا بەنان بێچارە
ڕۆژێ لەژێر کۆڵەدار
لە گیانی خۆی بوو بێزار
لەشی پڕ بوو لە عەرەق
هەردوو چاوی بوو ئەبلەق

داری دا بەسەر بەردا
بەردی دا بەسەر ئەردا
کۆڵەکەی کەوتە ئەردی
زاهیر بوو ئاهی سەردی
بانگی کرد یا عیزرائیل
تۆ بێرە لام بەتەعجیل
ڕۆحم ناوێ بەم حاڵە
چیبکەم، لەم عومرە تاڵە
قسەی لەناو دەما بوو
عیزرائیل لێی پەیدا بوو
وتی منت بۆ چییە ؟
ئەم هاوارەت لە چییە ؟
پیرە لە ترسی گیانی
جوابی قسەی نەزانی
واقی وڕما مامەی پیر
وتی هەر تۆی دەستگیر
لەژێر کۆڵی گرانام
لەگەڵ داد و فوغانام
بۆیە هاواری تۆم کرد
فریام کەوی دەستوبرد
عیزرائیلی بەهەشتی
کۆڵێ نایە سەرپشتی
ئەمجا پیرە بەیەک غار
کۆڵەی فڕاندە ناو شار

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بلاونەکراوەتەوە.

***

بالۆرێ[1]

١٩٤٤

(مەلای مەزبووره) چووبووه سەر دارێ
لقێکی ئەبڕی بیکا بەبارێ
ئەیویست ئەو لقەی خۆی وا لەسەری
له بندا بیبڕێ عەقڵی وای بڕی
ڕێبوارێ پێی گوت، مەلای سەردارێ
ئەو لقە ببڕی ئەکەویە خوارێ
مەلا لێی نەبیست، سا ئەو بەڕێ بوو
ئەم لەگەڵ لقدا سەرەنگرێ بوو
کە کەوتە خوارێ، وتی ئەم پیاوە
لە غەیب ئەزانێ و وەلی تەواوە
وای کرد، چوو پێی گوت کەرامەتداری
تۆ کە زانیت من ئەکەومە خواری
ئەڵبەت ئەیشزانی کە من کەی ئەمرم
تو خوا پێم بڵێ، لە بەرت مرم
وتی، عومری تۆ، پێت بڵێم چەندە
بەسێ بای سکی، ئەو کەرە بەندە
منیش بەوانەی کە (قوپون) ئەکرن
ئەڵێم، لقی ژێر خۆتان ئەبڕن
میللەت دارێکە، کە سێبەرداره
چۆن لق و پۆپی، ئەشکێ ئەو داره
دەستی داد زۆریان ئەخاتە خوارێ
کەچی عار نانێن، بەکەوتن جارێ
وا چاکە بەداخ نیشانەیان کەین
کە عاریان نەنا، ڕەوانەیان کەین

....

(١) ئەم شیعره له دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

قافیەی بەجرت

١٩٣٩

دوێنێ لە بازاڕ لەناو گوزەردا
جاڕی دوو خانی شەرقیان ئەدا
کوڕێک بەسیما و چاکەت و پانتۆڵ
سەرێکی ڕووتی، بەزوڵف و کاکۆڵ
بە عارەبیی ساف، بەدەنگێکی ڕەق
ئەیوت (ادخنوا من دخان الشرق)
لەگەڵ وتی شەرق، شرق، شرق لە دواوە
یەکێک جرتێکی وای بۆ بەر داوە
ئەفەندی ئاوڕی دایەوە و منداڵ
ڕای کرد و کابراش لە دووی کەوتە باڵ
ئەم خەڵکە هەموو کردیانە هەرا
پێچە بەدەورەی کرد لە گوزەرا
قوڕ گیرابوەوە بۆ سواغی دوکان
کەوتبووە سووچێ، نەیاندی هیچیان
منالی پێخاوس، هیچ باکی نەبوو
نەچەقیە ناو قوڕ سووکێ بۆی دەرچوو
بەڵام ئەفەندی بەقۆندەرەوە
چەقی و نەیتوانی بێتە دەرەوە
تەکانی خۆی دا، لەپەو ڕوو بۆی کەوت
هاتە دەرەوە، وەک دەعبای ئەشکەوت
هەموو دوکاندار، ئاویان پیا ئەکرد
هەر چەندێکیان کرد قوڕیان لانەبرد
ئافەرین منالّ لەگەڵ قافیەت
هەر بژین لەگەڵ عومر و عافیەت

***

گاڵتەی بەڕاست[(١)]

١٩٣٩

(خدر) بوو پیاوی، (حەسەن ئەفەندی)
کەس پێی نەئەگوت کەرت بەچەندی
کوێخای دەرگابوو، جێی خواجانشین
فەرەنجی پۆش بوو، زستان و هاوین
ڕەنجبەری ماڵێک ڕۆژێ نەخۆش کەوت
ناچار ئەو ڕۆژە بێگاری بەرکەوت
پێنج کەری ئەبرد بۆ دێی (کەڵەکن)[(٢)]
کە لەسەر خەرمان، کای بۆ دابگرن[(٣)]
لە ڕێ خۆی سواری کەرێکیان بووبوو[(٤)]
کە ئەیژماردن، هەر چواریان مابوو
وتی، ئای خۆم، پێنج کەرم پێبوو
وا چواریان دیارە، ئەوی تر کوێ چوو؟!
دابەزی و ڕای کرد یەکسەر بۆ دواوە[(٥)]
وایزانی، کەرە، لە دواوە ماوە
بۆ دواوە ڕوانی، هیچ دیار نەبوو
گەڕایەوە لای کەران زوو بەزوو
کە تەماشای کرد، پێنج کەر تەواوە
لەم فەن و فێڵە، سەری سووڕماوە
زۆر ماندوو بووبوو، دیسان سواربوەوە
لە بەرەو ژێرە سەرەوخوار بوەوە
دیسان کە ڕوانی کەر چواریان ماوە
گریا، وتی: من چیم لێ قەوماوە؟!
خۆی خستە خوارێ بەدوعا و نزا
ئەپاڕایەوە، لە بارەگای خوا
دوعای گیرا بوو، ڕوانی کەر پێنجە
ڕزگاری بووبوو، لەم دەرد و ڕەنجە

ئیتر نەیتوانی بڕوات بەپێیان
خۆی هەڵدایە سەر کەرێکی تریان
دووبارە بەزمی لێ هاتەوە دی
وتی ئەمجارە کەرە گورگ خواردی
هەروا لێی خوڕی گەییە نیوەی ڕێ
بەرەو پیری هات، خلەی کوێخای دێ
بانگی کرد کوێخا، لە دەورت گەڕێم
لە کوێوە خوا تۆی، گەیاندە سەر ڕێم
ئەمڕۆ جنۆکە، گاڵتەم پێ ئەکەن
جاری کەرێکم ئەدزن و ئەیبەن
وتی خدر ئاغا چەند کەرت پێ بوو؟
چەندیان ماون، چەندت لەکیس چوو؟
وتی، پێنج کەرم هێنابوو لە شار
کە ئەیژمێرم، هاتۆتە سەر چوار
کوێخا تێگەیشت کە گونی و گێزەر
لێک ناکاتەوە کابرای قوڕبەسەر
ئەو کەرەی کەوا خۆی سواری بووە
چونکە نایبینێ، لەبیری چووە
وتی دابەزە، هەی بەندەی بێ غەش
پێنجی بۆ ژمارد، خۆیشی کرد بەشەش

....

(١) ئەم شیعرە لە چیرۆکێکی مەلای مەزیوورەوە وەرگیراوە.
(٢) کەڵەکن: دێیەکە لای ژوورووی سلێمانییەوە.
(٣) کای بۆ دابگرن: واتە کا لە ڕەشکەدا بپەستنەوە بۆ بار کردنی.
(٤) لای م. هـ نووسراوە لە ڕێ خۆی سواری یەکێکیان بووبوو.
(٥) ئەم بەیتە لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

دەرسی مەلای هەیاسی[(١)]

قل أعوذ، تۆ بێژە
شەو کورتە و ڕۆژ درێژە

بۆیه پیاو گێژ و وێژه
هەرچی ئەکرێت بیچێژه
شیر کە ترشا بیرێژه
ژن کە پیر بوو بینێژه
بێ دراو(٢) کوشتەی نوێژه
پارەدار زەینی تیژه(٣)
درەو درەوی لێژه(٤)
گۆشت گۆشتی مەڕی گێژه
تام لەلای ژنی درێژه
باوی بێ ڕۆژوو و نوێژه

....

(١) مامۆستا م. هـ دەربارەی ئەم شیعره لەلاپەڕه ٣٩٤ی دیوانی پیرەمێرد دا نووسیویه: (مەلاکان) بەتایبەتی مەلای کۆن هەموو نوکتەبازبوون و حەزیان لەم جۆره هەڵبەستانه کردووه، لەبیرم دێ که منداڵ بووم، ئێواران مەلاکان لەسەر سەکۆی مزگەوتی (شێخ بابا عەلی) له گەڕەکی (سەر چیمەن)ی سلێمانی کۆ ئەبوونەوه و (شێخ بابا عەلی)یش که بەنوکتەبێژ بەناوبانگ بوو، هەموو دەستیان ئەکرد بەدەمەتەقێ و نوکته پیرەمێرد ئەو هەڵبەستەی بەدەم یەکێک لەو جۆره مەلایانه وتووه.

(٢) بێ دراو: بێ پاره، واته که پیاو لات بوو سەر ئەکاته سەر نوێژ کردن.

(٣) زەینی تیژ: واته زیرەک.

(٤) درەوی شوێنی لێژ: ئەوانەی که درەو ئەکەن شوێنی لێژیان زۆر پێ خۆشه. چونکه سەر بەرەوخوار درەو ئەکەن و زۆر ماندوو نابن.

***

دوێنێ شەو شەیتان

١٩٤٣

دوێنێ شەو، شەیتان، هات بەپێکەنین
وتی، ئیعلانم هێناوه بۆ ژین
خۆت کەڵکت نییه، پێت پێناکەنم
نایەم بەلاتا، وەک خاڵۆژنم
ئیعلانی دانا و سووکێ بۆی دەرچوو
ڕوانیم مەئالی، ئیعلان ئەمه بوو
تاقمی (زەبانیه)ی جەهەننەم بیستن
ئێستا نۆزدەیان هەیه بەبیستن

قورئان فەرموویه: تسعة عشر
یەکێکیان کەمه کار ناچێته سەر
مانگانەی ئەوان هەزار دیناره
کێیه تالیبی چوونه لەم شاره
هەر مانگی هەزار دینار کەم نییه!
بۆ ئەربابی خۆی خراپی چییه؟
وا ئێمه بەژین ئیعلانی ئەکەین
چوار شەرتی هەیه، بەیانی ئەکەین
شەرتی یەکەمیان ئەبێ بەدکار بێ
نابێ بەکردەی چاک له کەداربێ
دووەم بەلەشی پیس ڕایبواردبێ
نەخەڵەتابێ، نوێژی کردبێ
سێهەم هەرچی پێی ئەڵێن موسکرات(١)
قەت بواری نەبێ، بیست و چوار سەعات
چوارەمیان نامووس، لای مێشووله بێ
سوێندی بەشەرەف وەک پەپووله بێ
ئەمجا هەر کەسێک ئەیەوێ بچێ
ڕاکا بۆ ئەوەی لەکیسی نەچێ

....

(١) موسکرات، مسکرات: هەموو جۆره خواردنەوەیەک که ئەو کەسه مەست بکات.

مەلا سێ پاره(١)

١٩٣٩

پیاوێک بوو ناوی مەلا سێ پاره بوو
دەستەپاچه و مانگر و پەتیاره بوو
خەڵک وتی بادانەنیشێ وا بەتاڵ
هێنایان کردیان بەمامۆستای منداڵ
ئافرەتێکی بوو، کەتەی چل شووکەره
دەم شڕ و تەڕپیر و پەرده لابەره
چۆپی کێشی ڕەشبەڵەک، بەربووکی بووک
دڵ بەجێ هێنەر، بەمەکر و نووکه نووک

چل قـرانی بوو، بەمـامـانی و خـەڵات
بۆ مـەلا ئەیدا بەکـەر کـاروان بکات
پارەکەی وەرگرت مەلا ڕووی کردە شار
دای بەگوێدرێژێکی ڕەختەی خەرجی بار
هاتەوە هەوساری بەستە قۆڵی خۆی
سێ کەسی چوختی بەپیلان کەوتنە دوی
هات یەکێکیان کەوتە لنگە و چەند و چۆ
تا مـەلا یەکـجـاری غـافڵ بێ لەخـۆ
دووهەمین ڕەشمەی لەسەر کەر کردەوە
خستیە سەر خۆی، لەنگەری بۆ گرتەوە
هەر بەپێودانی کەرە هەنگاوی نا
تا ئەوی تر هات کەری بردە پەنا
سێهەمین گوێدرێژەکەی دوور خستەوە
کەر برا هێشتا مەلا ئەیڕستەوە
پیاوەکەی بووبوو بەکەر خۆی ڕاتەکان
ڕەشمەکەی خۆی گرت و هەوساری پسان
کاک مەلا ئەو سایە ئاوڕی دایەوە
چاوی کەوت بەو پیاوە هەڵوێستایەوە
بانگی کرد من تۆم کڕی کەر بووی کەچی
ئێستا وا دوو پێت هەیە و لە پیاو ئەچی
پێی وت ئینسانم بەڵام زۆر توند خووم
شێت و نادان بووم بەگژ دایکما ئەچووم
ڕۆژێک لێم دابوو، دوعای کرد بووم بەکەر
چەند لەژێر باری گرانا، بردمە سەر
ئێستە چاوی کەوت بەمن ڕەحمی بزووت
وا دوعای کرد بووم بەپیاو لووت و بزووت
باوەڕی پێ کرد وتی: لاچۆ برۆ
قەت بەعەقڵی خۆت مەبە ئیتر خەرۆ
خۆیشی چوو بۆ دێ قسەی گێڕایەوە
کەوتە دەم خەڵکی، کە دەنگی دایەوە

خەڵک لەلایان خۆش بوو، باربووی بۆ کرا
پارەیەکی زۆرتری بۆ ڕێکخرا
هاتەوە بازاڕ کە کەر بکڕێتەوە
تێفکری عەینی کەرە بۆی دێتەوە
چوو بەگوێیا وت بەسرپە و لۆمەوە
ئەو گوەی خواردووتە من نایخۆمەوە!

(١) پیرەمێرد ئەم شیعرەی لەسەر چیرۆکێکی مەلای مەزبوورە ڕێکخستووە.

***

بەیتی مشک و پشیلە

لەبیرمە جارێ، باوکم بۆ ئێران
بە سەفەر چووبوو، سەفەری خێران
هەندێ کتێبی بۆ من هێنابوو
بەیتی پشیلە و مشکیشی تیابوو
نووسیبووی ڕۆڵەی خاوەن ئەقڵ و هۆش
بیخوێنەرەوە بەیتی گوربە و موش(١)
پشیلە مشکی توخن نە ئەکەوت
بەفێڵ خۆی خستە کونجێکی مزگەوت
مشکان بەشایی و بەتلی لی لی
دیاریان بۆ برد بەقلی و بلی
مژدەیان ئەدا پشیلە عابیدە
نەزەر لە مێچکە، ناکا، زاهیدە
بەدڵێکی ساف لێی گردبوونەوە
بەدەست لەمەلان لێی وردبوونەوە
ئەیانوت ئۆخەی ئەو سمێڵ جوانە
چۆتە کلیلە، ئەم دەم و دانە
زۆریان پێ خۆش بوو کە نایانگرێ
پەلاماری دان، کەچی لەپڕێ

چوار و پێنجی گرت، بەڕاست و بەچەپ
سێ و چوارێکیشی هاوێشتە ژێر لەپ
تۆڵەی ئەو بەینەی پێشووی لێ سەندن
بەزیکە و جووکە، سەری هەڵکەندن
هەر چەندە سۆفی بەکەوڵ و پۆست بێ
چۆن باوەڕ ئەکەی جانەوەر دۆست بێ
خوویەک سروشتی ئەزەل بیبەخشێ
بەهیچ ناگۆڕێ، بەهیچ نابەخشێ
ئاین و ئۆینیش، زوو دەردەکەوێ
درۆزن زەحمەتە، ناشتای بەرکەوێ

(١) گوربە و موش: واتا پشیلە و مشک، ئەم بەیتە لە فارسییەوە وەرگیراوە.

***

گوێ ئاگردان

پوورە تڵێخان بزنێکی بوو
سبەینان بۆ بێرە ئەچوو
کیتەڵەی ئەبرد ئەیدۆشی
لەماڵەوە دایئەپۆشی
ڕۆژێ مام ڕێوی دۆزیەوە
سەری لادا بەدزیەوە
مڵچە مڵچ شیری هەڵقوڕان
پوور تڵێخان کلکی پەڕان
ڕێوی ڕای کرد بۆ ناو ڕێویان
لێیان کرد بەچەپڵە ڕێزان
هەی ڕێوی کلکی بڕاوە
ئێجگاری ئابڕووی تکاوە
ڕێوی هاتە لای تڵێخان
لێی پاڕایەوە بەگریان

وتی کلکە قولێم وێدە
داپیر وتی شیرم پێدە
ڕێوی وتی شیرم نییە!
داپیر وتی، ئەی بز چییە؟
ڕێوی ڕۆیشت سەری کز کرد
خوازبێنی شیری لەبز کرد
وتی: بز شیر وەداپیردا
داپیر کلکە قولێم وێدا
بز وتی با دار گەڵا دا
گوانی بز لە شیر قەڵا دا
ئەمجا بز شیردا بۆ داپیر
کلکە قولێت بێتەوە گیر
ڕێوی هەڵسا چوو بۆ لای دار
گریا و دەستی کرد بەهاوار
دار وتی با کانی، ئاو دا
لقی من سەوز بێ و گەڵا دا
ڕێوی ڕووی کردە لای کانی
مشووری بەر ئەویش هانی
کانی وتی کیژ چۆپی کا
ئارەقی خۆی لە کانی کا
کانی ئەوسا ئاو بۆ دار دا
دار سەوز بێ و گەڵا بەبار دا
گەڵا بۆ بز بێ و بز شیر دا
لە تۆڵەی شیری داپیر دا
داپیر شیری دی لەجێدا
ئەوسا کلکە قولێی وێدا
هاواری بۆ لای کیژ هانی
کیژان بێنێ بۆ سەرکانی
کیژان کەوشی سووریان نەبوو
پەنایان بردە بەر کەوشدروو

کەوش دروو ناردیە لای مامر
هێلکەی بۆ بکا بەقڕە قڕ
مامر دانی لێ داوا کرد
هاواری بۆ بەر جوتیار برد
جوتیار دانی دا بەمامر
مامر چیکڵدانی بوو پڕ
بە گارەگار هێلکەی بۆ کرد
بۆ وەستای کەوش فرۆشی برد
وەستا کەوشی بۆ کیژ دروو
کردیانە پێیان زوو بەزوو
چۆپی لەسەر کانی کرا
لە کانی ئاو بۆ دار برا
دار گەڵای دا و بز شیری دا
ڕێوی شیری داپیری دا
داپیر کلکە قوڵێی دایەوە
بە بنێشتە تاڵ گیرسایەوە
ڕێوی چووە ناو ڕێویان
لێیان کرد بەگاڵتە کێشان
وتیان بۆنی بنێشتە تاڵ دێ
دەریان کرد هاتەوە بۆ دێ
دەستێ جلی جوانی دزی
کردیە بەر بەدەعیە و فیزی
هاتە ناو ڕێویان زوو بەزوو
وتیان هەی ئەمەت لە کوێ بوو ؟
وتی: لەبن گۆمێکایە
سەد ئەوەندەی تری تیایە
وەرن بچین نیشانتاندەم
وەک من دەری بێنن بەدەم
بردنیە سەر گۆمی سەر ئاو
یەکێکیان خۆی خستە بن ئاو

بە بڵقە بڵق ئەو دەخنکا
ئەم ئەیگوت وا بانگتان ئەکا
هەموو خۆیان تێ فڕێدا
بە جارێ خنکان لەوێدا
ڕێویش دنیای نەبردە سەر
کردەی بەدی خۆی هاتە بەر
ڕاوکەرێکی لێ پەیدا بوو
کوشتی و بازاڕیی کۆتا بوو
هەرچی وەک ڕێوی فێڵباز بێ
تووش ئەبێ، نابێ دەرباز بێ
خوا ڕاستە و ڕاستی لا خۆشە
چەوتی سەرەنجامی بۆشە

***

مام چەوەندەر

١٩٢٦

مام چەوەندەر زێڕینۆکی
پیرێ بوو، دایم ئەکۆکی
شێفی دەبڕی لای ویلەدەر(١)
بەردێکی گەورەی هاتە بەر
نووکی گاسنەکەی تێ گیران
بەردەکەی لەجێی خۆی جوڵان
کونێکی زلی لێ دەرکەوت
تاریک و قووڵ بوو وەک ئەشکەوت
بەپێ پیلکە چووە خوارێ
هەر ڕۆیی تا گەییە غارێ(٢)
حەوت کوپەی ئەڵماس و گەوهەر
کەڵەشێری ئاڵتون لەسەر
سەری کووپەکانی لادا
ئەڵماس شەوقی وەک چرادا

سەری کووپەکەی قایم کرد
دەستی بۆ ئەڵماسێ نەبرد
ئێوارە هاتە ماڵەوە
بە خەپڵەی هەرزنی تاڵەوە
ملی ڕاکێشا وەک گاجووت
جلەگای ڕاخست و لێی نووست
سبەینێ ڕۆژی لێ بووەوە
وەک ڕۆژان بۆ جووت چووەوە
جار جار سەری خەزنەی ئەدا
تا ساڵێ دەستی لێ نەدا
بەهار هات وەردی دایەوە
ماندوو بوو پاڵی دایەوە
ڕوانی گورگێ بەچەمەوە
وا هات، شتێ بەدەمەوە
لێی ڕاپەڕی بەپلارێ
شتەی لە دەم خستە خوارێ
کە دی مناڵێکی بچووکە
چاو داقڵیشاو بزبزۆکە
داینا و نەختێ بووژایەوە
ئەمجا کەچوو بەلایەوە
وتی: بەسووک تێم مەڕوانە
باوکم پاشای جنۆکانە
وادێ بەهەزار سوارەوە
جارێ منی لێ بشارەوە
کە وتی مژدەی چیت ئەوێ
تۆ مارەیی دایکمت بوێ
ڕوانی وا شای جنۆکان هات
بانگی کرد، کوڕم چی لێ هات؟
تاجی شاهیم بەسەرەوە

بۆ تۆ و کوڕەم بدەرەوە
جوتیار وتی لە تاج گەڕێ
مارەیی دایکیم بدەرێ
بانگی کرد هەردوو گوێچکەی گرت
بە سەریا خوێند، لە هۆش خۆی برد
مستەکۆڵەی دا لەسەری
لغاوی لە دەم دەرپەڕی
هەڵیگرت و گەڕایەوە
مام چەوەندەریش مایەوە
هاتە هۆش خۆی واقی وڕما
وتی یاران چیم لێ قەوما
بە شوێن کلکی گادا وێڵم
ئەم دەشتە بۆ کێ دەکێڵم
من گەنجی بێ ڕەنجم دەسکەوت
بۆچی بیکەم بەپاشەکەوت
چوو سەری خەزنەکەی لابرد[٣]
هەردوو گیرفانی لێ پڕ کرد
هاتە ناو شار بەدزیەوە
زەڕەنگەرێکی دۆزیەوە
ئەڵماسێکی پێ نیشان دا
(جوو)ە شێت بوو لە تاواندا
بە پێنج سەد لیرەی سەواکرد
دایێ و خانوویەکی پەیداکرد[٤]
ڕۆژ بەڕۆژ پارەی لێ زیاد کرد
تا لە شارا ناوی دەرکرد
هەرچی ڕوشدە و کەم ئیحسانە
لغاو کراوی شەیتانە
دەستی هاوجنسی خۆی نەگرێ
تێر لە ماڵی ناخوا، ئەمرێ

ماڵ دەست مێرد و ژن ئەکەوێ
بەزم و بەڕەزم ئەبێ هەر شەوێ

....

(١) وێڵەدەر: دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە.
(٢) غار: ئەشکەوت
(٣) ئەو بەیتە لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا نەنووسرابوو.
(٤) لەنیوە دێڕی (ڕۆژ بەڕۆژ پارەی لێ زیاد کرد)ەوە تا کۆتایی لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

عەشقی پاک

١٩٤٤

دەروێشێ مەیلی دنیای نەمابوو
بە یادی خواوە ڕوو لە سەحرابوو
ڕۆژێ بۆ جومعە چووبووە ناو شار
کچێکی جوانی دی لە ڕاگوزار
نیگاهێک هات وەک تیر دای لە جەرگی
گەیاندییە کاتی ئاکامی مەرگی
لاڵ و پاڵ لێی کەوت بێ هۆش، بێ زبان
بەزەییان پیاهات خەڵکی بۆی گریان
تومەز ئەو کچە، کچی وەزیر بوو
جوان و دلێر و ئاقڵ و ژیر بوو
ئەم ئەفسانەیە کەوتە شارەوە
باوکی بەدایکی وت بیشارەوە
ژن وتی ئەمە ئەفسانەی عەشقە
شۆرەتی شێتی مەجنوون سەرمەشقە
یا ئەبێ دەروێش لەناو دەربرێ
ئەو ساتەش خوێنی ناهەق ئەتگرێ
چار هەر ئەمەیە کە دەروێش بێنی
بەهەڕە و گوڕە وای بترسێنی
کە ڕوو بکاتەوە سەحراکەی جاران
جارێکی تر خۆی نەخاتە مەیدان

یا بارێکی وای لێ نێ هەڵنەسێ
کە باری قورس بێ ئیتر ئەوەستێ
وەزیر دەروێشی بانگ کرد بەخەڵوەت
پێی وت ژن هێنان ناکرێ بەهیممەت
سەد گەوهەری وای دانەی شەو چراغ
بدرەوشێتەوە بەشەو لەناو باغ
لەگەڵ سەد گوورزی دانەی مرواری
هەر دانەیەکی بەهای خەرواری
ئەمانە بێنە، کچت ئەدەمێ
گیرۆدەت ناکەم ساتێک و دەمێ
دەروێش کە ئەمەی بیست لە خۆشیا
کەشکۆڵی هەڵگرت، ڕووی کردە دەریا
بە جۆش و خرۆش، یاهو یا من هوو
مەلیکەی دەریای هێنایە بەر ڕوو
وتی بەو خوایەی عەشقی خستە سەر
ئێستە دەریاتان لێ دەکەم بەبەڕ(١)
ئەم کەشکۆڵەتان لێ ئەخەمە کار
دەریا وشک ئەکەم نەمێنێ دیار
بانگ کە بەکۆمەڵ، گەوهەر دەربێنن
لە گوێ ئەم بەحرە هەڵی ڕژێنن
مەلیکەی دەریا جاڕی دا جارێ
گەوهەر دەرهێنن هەر یەکەی بارێ
ئیتر بەجارێک گەوهەر دەباری
بۆی بوو بەخەرمان دانەی مرواری
دەروێش هاتەوە، چووە لای وەزیر
وتی ئەی مەردی بەهۆش و تەدبیر
ئەگەر تۆ ئەوسا بتکوشتمایە
ئەبوو تۆش بەزوڵم کەست نەمایە
ئێستا خوا ویستی لە پەردەی پەنهان
سڕی عەشقی پاک بخاتە مەیدان

ئەمرم ڕەوا بوو بەسەر دەریادا
ئیتر لە عەشقی مەجازیم لادا
کچ و گەوهەر و مرواری بۆ تۆ
ڕوو بکەمەوە خوا نەبم ڕەنجەڕۆ
چونکە ئەمانە، نامێنێ بۆ کەس
هەر مەیلی خوایە باقی و فریاد ڕەس
قودرەتی خوایە هیممەتی مەردان
دای بەمێرووله حوکمی سلێمان
ئەمانە پەندی پێشوونیانە
کە بەزمانی، مەل وتوویانە
هەر سێ پەندەکە زۆر بەهادارن
لە جێی خۆیانا گەلێک بەکارن
خۆ ئەگەر بێت و خۆشەویستی خوا
دەستکەوێ عاشق تێری پێ ئەخوا
مەستی مەیلی خوا زەوقێکی تیایە
ناگاتە پایەی ئەو ئەم دنیایە

....

(١) بەڕ: وشکایی، خاک، زەوی.

***

پەندی باڵندە

١٩٣٥

باخەوانێک بوو، لە دێی کۆستەی چەم
باخێکی جوانی، هێنابووە بەرهەم
هەرچی میوەیەک ناوی بیستبوو
ناشتبووی بەڕیز ڕێکی خستبوو
گوڵی هێنابوو لە پۆپەی چنار
لێی دابوو چنار گوڵ بوو بە بەهار
بیست و چوار چەشنی ترێ لێدابوو
ڕەونەقێکی وای بەو باغە دابوو

ئەیانوت ئەمە باغی ئیرەمە
بڵێی بەهەشتە هێشتا هەر کەمە
دەوری باغەکەی هەموو هەنجیر بوو
چەشنی هەنجیری شاری ئیزمیر بوو
قەلەباچکەیەک وای پێ فێر بووبوو
بەیانیان ئەیخوارد هێند لێی تێر بووبوو
لەدوای تێر خواردن هەڵی ئەوەران
میوەی تریشی تێکڕا ئەژاکان
ڕۆژێک باخەوان تەڵەی بۆ دانا
پێوە بوو، قیڕەی کرد لە تاوانا
باخەوان هێندەی داخ لە دڵابوو
چەقۆی دەرهێنا سەری ببڕێ زوو
قەلەباچکەکە لێی هاتە زبان
وتی مەمکوژە لالۆی باخەوان
بەو شەرتە جارێک کە تا دەمێنم
ئیتر دیداری باغت نەبینم
سێ ئامۆژگاری واشت بۆ ئەکەم
یەکی گەنجێ بێت بەبێ زیاد و کەم
یەکەم ئەو شتەی کەوا مەحاڵە
شوێنی مەکەوە ڕەنجت بەتاڵە
دووەم غەم مەخۆ کەماڵ لە کیس چوو
عومریشت ئەڕوا، غەم ئەبێ بەدوو
سێیەم بەدرۆی کەس تەفرە مەخۆ
بە شوێن کردەوەی حەرامدا مەچۆ
باخەوان ئەمەی وا چوو بەدڵا
چوو بەرەڵڵای کرد لە دوای چڵا
قەل فڕی و چووە سەر لقی دارێ
کە کەس نەتوانێ بیخاتە خوارێ
ڕووی کردە کابرای باخەوان وتی
داخەکەم بۆ تۆ کە بێ قسمەتی

من گەوهەرێکم لەناو زگا بوو
بتفرۆشتایە، بەملیۆن ئەچوو
باغەوان وتی: وەرە ئاشنابە
لەم باغەی مندا سەر بەرەڵابە
قەل بەپێکەنین وتی من ئێستا
پەندم دای کەچی لەلات نەوەستا
من نەموت بەشوێن مەحاڵا مەچۆ
جارێکی تر من چۆن دێمە لای تۆ
وتم: غەم مەخۆ کە ماڵ لە کیس چوو
ئەبینم ڕەنگت هەڵبزرکا زوو
وتم بەدرۆ باوەڕت نەبێ
لە زکی قەلدا گەوهەر چۆن ئەبێ؟!

***

هارون الرشید

١٩٣٤

هارون الرشید ڕۆژێ دڵگیر بوو
ئەو ڕۆژە ڕۆژی مەرگی لەبیر بوو
ئەیویست تێ بگا، ڕۆژێ پێش مردن
بۆ تێگەیشتوو چی چاکە کردن
وتی: بۆم بانگ کەن جەعفەری وەزیر
جەعفەر پیاوێ بوو بەڕاو و تەدبیر
هات و کڕنۆشی بۆ خەلیفە برد
خەلیفە فەرمووی، جەعفەر دەستوبرد
بنێرە، سێ کەس، یەکێکیان تجار
دووەم فەللاح بێ، سێیەم مۆسیقار
ئەم سیانە بێنن، خۆشت ڕاوەستە
بزانم کامیان تەدبیریان ڕاستە
هەرسێکیان هێنان بەهەڵەداوان
بە شپرزەیی گەینە بەر دیوان

خەلیفە توند بوو، بیانووی پێ گرتن
هەموو بەئیعدام مەحکوومی کردن
بەڵام ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە
مۆڵەتی دانێ، پاشتر سێدارە
ئەوان ڕۆینەوە، ئێوارە داهات
خەلیفە ناردی، دیسان جەعفەر هات
جلیان لێ گۆڕی ماڵ بەماڵ گەڕان
ڕووی کردە ماڵی تجار لە پێشان
ڕوانیان تجار بێ هۆش لەپەوڕوو
لێی ڕاکشاوە وەک نیوە مردوو
وتیان تۆ هەڵسە، ئێمە دەروێشین
جڵەوی قەزات بۆ ڕائەکێشین
وتی: لێم لادەن، من وا ڕابووردووم
سەلەمم ماوە، بۆ ئەوە مردووم
لەوێوە چوونە ماڵی گۆیندە
ڕوانیان بەزمە و قاقایە و خەندە
چوون لێیان پرسی: ئەم بەزمە چییە؟
بۆچ بنیادەم نیت؟ وا غەمت نییە؟
وتی لێم گەڕێن، ساتێکم ماوە
سەعاتێکی تر عومرم تەواوە
دنیا خۆشییە و چاک بەسەربردن
لنگ بزاوتنی پێ ناوێ مردن
ئەمجا چوونە لای جوتیاری هەژار
ڕوانیان بیست جووت گای خستۆتە کار
وا بەپەلە پەل تۆو دادەچێنێ
وەک ئەم دنیایە تا سەر بمێنێ
پرسیان خۆ تۆ ئێوارە ئەمری
ئەم شێو و وەردە، تازە بۆ چ ئەبڕی؟
وتی پێشینان بۆ ئێمەیان کرد
ئێمە بۆچ نەیکەین بۆ منالی ورد؟

ئەگەر ئەمڕۆ بێ و من تۆو نەچێنم
میللەتەکەمان بەچی بژێنم؟
من خۆم ئەتوانم بەدوو نان بژیم
بەڵام خزمەتی وڵات نەکەم چیم؟
ئەوەی کە خێری بۆ وەتەن نییە
بەچی ئەیزانی کە دوژمن نییە؟

***

گوڕنەتەڵە

هەشت نۆ منالّی لاسار
هەستان دەستیان دایە دار
وتیان بۆ کەشافە ئەچین
وا چاکە لە ئێستاوە فێر بین
هەر ڕۆیشتن جووتە جووتە
تا سەرکەوتن لە هەڕووتە
لەوێ ڕۆژیان لێ ئاوابوو
گوڕنەتەڵەیەکیان تیا بوو
وتی تاریکمان بەسەر هات
مار و مێروو لە کون دەرهات
وەرن بچینە کۆرە شێوێ
خۆمان مات کەین لە نەدیوێ
ئەم پیلانەیان تەواو کرد
تروسکە ئاگرێکیان چاو کرد
وتیان ئەم ئاگرە دێیە
نان و پێخەفیشی لێیە
هەستن خۆمان گورج کەین بچین
بۆ ئەمشەو میوانیان ئەبین
هەر ڕۆیشتن و شاخ و کێو بوو
تێفکرین دێ نەبوو دێو بوو
دەڵە دێو لە گوێ ئاگردان
خەریک بوو نانی ئەبرژان

داینان لە گوێ ئاگردانێ
سەر و نانی گەرمی دانێ
وتی منداڵ گەورە نەبوون
فێری گەڕانی وا نەبوون
دێو وتی وا خوا ناردی بۆم
ئەمشەو یەکێکیان لێ ئەخۆم
منالّی ماندوو هەموو لێی خەفت
تەنها گوڕنەتەڵە نەخەفت
دەڵە دێو، ئەیپرسی بەجەخت
منالّینە کێتان نەخەفت
گوڕنەتەڵە پاڕایەوە
ئەترسا بیانخوا دێوە
دێو پێی ئەوت تۆ بۆ نانوی
برسیتە و لێمان بەبیانووی؟
گوڕنەتەڵەی سەر پەڕە خەڕەک
ئەگەر نەنووی ئەتکوژم بەکوتەک
وتی، بڵێم بۆچی نانووم؟
دایکم فێری برێشکەی کردووم
دێوەی لەجێی خۆی ڕاپەڕان
ساجێک برێشکەی پێ برژان
خواردی، وتی ترێ خۆشە
ترێی لەسەر نەخۆیت بۆشە
هەستا ڕۆیشت ترێی هێنا
لەبەر گوڕنەتەڵەی دانا
وتی ئیتر بیانووت ماوە
هەر چیت ویست هەمووم هێناوە
وتی هەموو شت تەواوە
هەر ئاوی بێژنگمان ماوە
تۆ ئاو لە بێژنگا بێنە
ئەگەر نەنووم بمخنکێنە

دەڵە دێوی عەقڵ ناتەواو
بێژنگی هەڵگرت چوو بۆ ئاو
بێژنگ ئاوی ڕانەئەگرت
لە داخانا شەقی ئەبرد
چوو بنێشتە تاڵ بێنێ
بەبێژنگیا بنووسێنێ
دەڵە دێوە بەرەو ماڵ هات
تەماشای کرد وا ڕۆژهەڵات
سەیری کرد وێرانەی بەتاڵ
نە ماڵی ماوە نە مناڵ
سەری خۆی دا بەبەردێکا
یەکجاری دەمی پێکادا
مناڵیش بۆ ناو شار چوونەوە
بە دایک و باوک شاد بوونەوە

***

تۆڵە

١٩٤١

شاکە ملۆزم تەمەڵ و بێکار
ئەسووڕایەوە، لە کۆڵانی شار
ئەولای عەیزاغا ڕۆژێ تووشی هات
وتی مەگەڕێ بچۆ بەر سنعات
وتی ئاغا من سنعات نازانم
ئەگەر کەرم بێ کاروان ئەتوانم
ئاغا ئەمری کرد کەرێکیان دایە
دارکێشی ئەکرد کەوتە سەرمایە
کورتانی تازەی بۆ کەری کڕی
بارەدارێکی لێ ناو لێی خوڕی
گەییە دوکانی ساماغای دەلاک
ئەم ساماغایە پیاوێ بوو بێ باک

بەسەرتاشێنی، لە شای ئەخوڕی
دەستی غەشیم و ناشی ئەبڕی
دەلاک بانگی کرد خاوەن بارەدار
بیفرۆشە بەمن مەیبەرە بازاڕ
کەرەکەت هەرچی پێوەیە بەچەند
مەرامی وابوو بیکا بەگۆبەند
شاکە وەیزانی تەنها دار ئەکڕێ
نەیزانی بەفێڵ هەناوی ئەبڕێ
وتی بارەکەم ئەدەم بەقڕانێ
وتی قبووڵمە پارەکەت هانێ
کە دارەکەی خست تەمای بوو بڕوا
ملی کەری گرت گێڕایەوە دوا
وتی من وتم هەرچی پێوەیە
دیارە کورتانیش بەکەرەوەیە
کورتانی لێ سەند شاکە بەهەرا
ڕای کرد بۆ شکات گەیشتە سەرا
سەرتاپای گرتە قوڕ و بەگریان
هاواری بردە لای پاشای بابان
دەلاکیان بانگ کرد بۆ خزمەت پاشا
وتی ئەم پیاوە کەوتۆتە حاشا
کەر چی پێوەیە هەمووم کڕیوە
لەگەڵ کورتانا نرخم بڕیوە
بەو ڕەنگە شاکە بەبێ بەش دەرچوو
ئەویش کەوتە فێڵ بەیانیەک زوو
کەرەکەی بردوو چووە لای دەلاک
وتی پارەیان داومێ بەپیتاک
خۆم و ڕەفیقم سەرمان بتاشە
وتی هەردووکتان سێ شایی باشە؟
سێ شایی دایە و خۆی لێ بوەوە
کەرەکەی هێنا کردیە ژوورەوە

وتی ڕەفیقم ئەمەیە یاڵڵا
بیتاشە، دەلاک، کردی بەهەڵڵا
چوونە لای پاشا دیسان بۆ شکات
پاشا ئەمەی بیست پێکەنینی هات
ئەمری کرد دەلاک بەسابوون و ئاو
سەرتاپای گوێدرێژ بتاشێ تەواو
دەلاک کورتانی کەری لێ کرا
شاکەش خەڵاتی قورسی پێ درا

***

قولە ڕەش

١٩٤٢

قولە ڕەشێک بوو بەپاڵەوانی
کەس نەی ئەوێرا شانبات لەشانی
لە ڕۆژی شەڕا بچوایە مەیدان
تیپێک لەشکری ئەخست بەبێ گیان
بەسەر ڕۆستەمی زاڵا زاڵ ئەبوو
دوشمن بەنەعرەی ژینی تاڵ ئەبوو
بەڵام خوویەکی زۆر بێ مەعنای بوو
لێیان نەدایە بۆ شەڕ نەدەچوو
ئەبوایە چل کەس لێی دایە ئەوسا
لە پاش چل کەسە قینی هەڵئەسا
ڕۆژێک قەومەکەی دوشمن دەوری دا
هیچ کەسی ساغیان نەما لە دێدا
هاواریان بۆ برد، کەوتبوو بەدەما
وتیان هەی نامەرد، وا کەسمان نەما
وتی: بێ کەڵکە، نەکەوتوومە قین
مەگەر چل دارم پیاکێشن بەتین
پیرەمێردێکی لێ چووە پێشێ
پێی وت جێی چلەی پارت ئەیەشێ

کەوتەوە بیری، پار چیان لێ کرد
خۆی گیڤ کردەوە هەستا دەستوبرد
دەستی دایە شیر ڕووی کردە دوشمن
ڕەگی زیندەگی دەرکێشان لەبن
قول قینی هەستێ دوشمن پەست ئەکا
بەڵام کەی بۆکەی گۆبەنگ خەست ئەکا(١)

....

(١) مامۆستا م.هـ دەربارەی ئەم بەیتە نووسیویە: بەڕاستی ئەوەی پیرەمێرد وتبووی، وا هاتە دی، قولە ڕەشەکانی ئەمەریکا و گەلێ شوێنی تر وا خەریکن گۆبەنگ خەست ئەکەن. بەر لەوانیش ماو ماو لە ئەفەریقادا گاڵەی کرد و دوشمنانی وڵاتی دەربەدەر کرد. بەڵام من وابزانم پیرەمێرد لێرەدا لەجیاتی قول نیازی لە کورد بووە و ئەوسا نەیویستوە دەری ببڕێ.

***

ئەو چیرۆکە شیعریانەی کە پیرەمێرد کردوونیە کوردی

چاو برسی

لەعەرەبییەوە وەرگیراوە

١٩٣٥

ڕۆژێک عارەبێکی جبوور
ئەهاتەوە لەڕێگەی دوور
گەیشتە لای قەسری شیرین
لە مێرغوزارێکی شیرین
دابەزی قاوەڵتی ئەکرد
هەگبەی لەسەر حوشتر داگرت
نان و هێلکە و گۆشتی تیابوو
کە ڕوانی کوڕێک پەیدا بوو
سڵاوی کرد لەلای دانیشت
کابرا گرژ بوو لچی داهێشت
سەری شۆڕکرد نانی ئەخوارد
کوڕەش هەر پارووی ئەژمارد
عارەب پرسی تۆ کوێندەریت؟
وا لە شەرم و حەیا بەریت!

وتی بێگانە نیم یارم
ئەمساڵ لای ئێوە جوتیارم
ئەمجا وتی: أشلون الحال
چۆنن چاکن ماڵ و مناڵ
کوڕە وتی: بەکەیفی تۆن
شوکور هەموو بەڕەنگ و بۆن
وتی: خومەییسی کوڕم
دەشت و کێو بۆ ئەو ئەبڕم
وتی: الحمد للە تەواوە
پێگەیشتوە و بەشەرت پیاوە
وتی: دایکی چۆنە، ساغە
وتی: چاکە و بەدەماغە
وتی: ماینێکی چاکم بوو
وتی: جوانوو ماینێکی بوو
وتی: تانجیە زەردم ماوە
وتی: هەمیشە لە ڕاوە
کابرا لە خۆشیانا وەک هار
دەمی بۆ پاروو کرد بەچوار
تیکەی زلی بەیەکا دا
هیچ بەشی کوڕەی لێ نەدا
ئەوی لەبەری مایەوە
نایە هەگبە و پێچایەوە
کوڕە هێجگاری حەپەسا
دڵی تێکەڵ هات لە برسا
لەو کاتەدا ئاسکێک ڕابوورد
کابرای عارەب سەیری ئەکرد
کوڕ وتی تف لەم دنیایە
ئێستا تانجیە زەرد بمایە
نەی ئەهێشت ئەم ئاسکە بڕوا

عارەب پرسی چی لێ قەوما
کوڕە وتی: ڕۆحی سپارد
گۆشتی ماینەکەتی زۆر خوارد
وتی: ئەی ماینەکەم چی بوو؟
وتی فێی لێ هات و شێت بوو
لەقەی لە کوڕەکەت دابوو
کوڕە گیانی تیا نەمابوو
پۆلیس هاتن ماینیان کوشت
خەبەری ڕاستیم نایە مشت
زاتەن ژنەکەت نەمابوو
خانووی بەسەردا ڕووخابوو
عارەب بەگریان بۆی دەرچوو
نان و هێلکەی هەموو بیر چوو
کوڕە میراتی پێ بڕا
ئەوەندەی خوارد هەتا بچڕا
ڕۆڵە ئامۆژگاریت وابێ
وەختی نان خەڵکت لە لا بێ
بەڕوو خۆشی بڵێ فەرموون
بەوە خەڵک لێت ئەبێ مەمنوون
چاویش مەبڕەرە نانی کەس
ئەوی خوا داویە بیخۆ و بەس
سەیری بەخیل چی لێ قەوما
بۆ کوڕەی چاوبرسیشی نەما

خەیاڵ پڵاو

بیری چیرۆکەکە وەرگیراوە[١]

١٩٢٦

عابیدێ کونجی مزگەوتێکی گرت
بەشەو و بەڕۆژ عیبادەتی کرد
بەقاڵێکیش بوو دراوسێی مزگەوت
جار بەجار چاوی بەعابید ئەکەوت
وتی ئەم پیاوە کاسبی ناکا
چاوەڕێی خێرە بۆ من وا چاکە
بە خێری مردووم هەموو ئێواران
هەنگوینی بەمێ لەگەڵ دوو سێ نان
بەڵکو تێر بخوا و بووژێتەوە
ئاگری برسێتی بکوژێتەوە
بە دڵێکی تێر بۆ شەونوێژ هەڵسێ
بە دوعای ئەو خەڵق لە خەم بڕەخسێ
بەو نیەتەوە لە ڕێی خوادا
نان و هەنگوینی بەعابد ئەدا
چەند ڕۆژێ عابد نەفسی خۆی تێرکرد
کووپەڵەی هێنا و پاشەکەوتی کرد
نانی وشکی خوارد هەنگوینی هەڵگرت
زۆری پێ نەچوو کووپەڵەی پڕ کرد
ڕۆژێ کە ڕوانی وا کاسەی پڕ بوو
نەفسی غالب بوو تەمای[٢] لێ خڕ بوو
کوپە هەنگوینی لەتاقا دانا
بۆی کەوتە خەیاڵ چاوی خۆی لێک نا
وتی ئێستا ئەم هەنگوینە جوانە
دە ڕوپیەم بەنێ هێشتا هەرزانە
واچاکە ئەمڕۆ بیبەم بیفرۆشم
بیدەم بەمەڕێ شیری بدۆشم

ساڵی ئایندە مەڕ ئەبێ بە دوان
زاووزێ ئەکەن بۆم ئەبن بە ڕان
ڕۆن و خوریان ئەکەم بەپارە
ئەیدەم بەموڵکی خوڕگە و ئاوبارە
موڵک لە دەست ئاغا و بەگزادە ئەبڕم
موڵکی مەلیکی خەیاڵیش ئەکڕم
موهەندیس دێنم لە ئەورووپاوە
بە سەرگردەکەی لای کانی (با) وە
قەسرێ[٣] ڕاکێشم خەوەر نەقداری
ناوی خۆم ئەنێم شای کوردەواری
خەیاڵ بێ و بۆر بێ، زۆر بێ باخام بێ
پیاوی خەیاڵباز ئەبێ ناکام بێ
بایدایەوە سەر خەیاڵی هەنگوین
خۆی بردە ڕێزەی شای ساحێب نگین[٤]
ناردی کچی شای عەجەمی هێنا
نەدی و بدی بوو ئاخری نەهێنا
حازر و بزر کوڕێکی لێ بوو
بۆ جێنشینی ئومێدی پێی بوو
کوڕەکەی ڕۆژی لە ڕوویا وەستا
جنێوی پێدا، قینی لێ هەستا
دارێکی لێدا بەدەم دارەوە
هەنگوین بەڕیشیا هاتە خوارەوە
تومەز دارەکەی کەوت لە کووپەڵە
هەنگوینەکەی بوو بەدڵۆپەی پەڵە
بەقاڵبی سابوون، ڕیشی پابوەوە
هەنگوین و خەیاڵ، لێک جیابوەوە
ئێوارەی لێ هات بەسکی برسی
لە شەونوێژەکەی پێشووی نەپرسی
قەسر و ژنەکەی کەوتەوە فیکری[٥]
ئەمجا نەیزانی بۆ کامیان بگری